لەڕاستیدا جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز چەند پێوەر و حوکمێکی تایبەتی خۆی هەیە کە پێویستە لەسەر موسوڵمانان فێریان بن و پابەندیان بن، هەر بۆیە بە باشمان زانی لە کۆتایی ئەم قورئانە پیرۆزەوە ڕوونیان بکەینەوە و، واتا و مەبەست لە هێما ڕەنگکراوەکان باس بکەین و بخەینەڕوو، ئەمەش لەڕێی شێوازی پرسیارو وەڵامەوە تا ڕوونتر بن و خوێنەر باشتر لێیان تێبگات، بەو هیوایەی ئامانجی خوازراو بپێکن، تەنها خوای گەورەش تەوفیقی کارێك دەدات کە سوود و خێری تێدا بێت.

زانستی تەجوید

• **زانستی تەجوید چییە و، ئامانج لێی چییە؟**

تەجوید: زانستێکە کە بە هۆیەوە شێوازی دروستی گۆکردنی هەر پیتێك بەگوێرەی سیفەت و تایبەتمەندییەکەی دەزانرێت. حوکمی فێربوونی: واجبە و فەرزی کیفایەیە. بابەتی لێکۆڵینەوەکەی: وشەکانی قورئانی پیرۆزە. ئامانجیشی: پاراستنی زمانە لە هەڵەکردن لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا.
لە ڕۆشنایی ئەم پێناسەیەدا، ئەم بەندەمان بەو شێوازە خستووەتەڕوو کە زانایانی ئەم زانستە ڕیزبەندییان کردووە و، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- شوێنی دەرچوونی پیتەکان (مخارج الحروف).
- سیفەتی پیتەکان.
- حوکمە تەجویدییەکان.

تەنها بە زانینی مەخاریجی موحەقەق و موقەدەر -کە دواتر واتاکەی ڕوون دەکرێتەوە- دەتوانرێت بە دروستی پیتەکان گۆبکرێن، هەروەها بە زانینی سیفەتە ئاوەڵە خۆییەکانی پیتەکان پاشان حوکمەکانیان یا ئەو سیفەتە ئاوەڵە دەرەکییانەی لە بەیەککەیشتنی پیتەکان بەیەك دروست دەبن.

شوێنی دەرچوونی پیتەکان (مخارج الحروف)

• **شوێنی دەرچوونی پیتەکان کامانەن و، سوودی زانینیان چییە؟**

مەخرەجی پیت: ئەو شوێنەیە کە پیتەکەی لێوە گۆدەکرێت و، لە پیتێکەوە بۆ پیتێکی تر دەگۆڕێت.

بەجوانی پابەندبوون بە زانستی تەجوید و بەوردی پەیڕەوکردنی حوکمەکانی تەنها لەڕێی زانینی مەخاریجی پیتەکان بە تەواوی و بەئاسانی گۆکردنی هێماکانیانە، کە ئەمەش بە گوێگرتن و زۆر وتنەوەیان دەبێت.



شەرحی وێنەکە:

١- بۆشایی لووت.
٢- بنجی دوو دانی پێشەوە.
٣- کونەلووتەکان.
٤- زمانە بچکۆلە.
٥- هەناسە بۆریی سەرەکی.
٦- بۆشایی قوڕگ.
٧- ناوەڕاستی زمان.
٨- گەروو (قوڕگ).
٩- نزیکترین بەشی قوڕگ.
١٠- ناوەڕاستی قوڕگ.
١١- ئەوپەڕی قوڕگ.

• چۆن مەخرەجی پیتێک بزانین؟

لەڕێی زەنئەدار (سکوندار)کردنی، یا گیرەدار (شەددەدار)کردنی، یا ئەوەی (هەمزە)یەکی حەرەکەداری لەپێش دابنرێت و بخوێنرێتەوە، جا دەنگ لە کوێ تەواو بوو، ئەو شوێنە شوێنی دەرچوونی پیتەکەیە.

• مەخاریجی پیتەکان کامانەن؟

مەخرەجی یەکەم: (الجوف) بۆشایی ناو دەم و قوڕگ

ئەم مەخرەجە سێ پیتی لێ دەردەچێت کە پیتە درێژکراوەکان (حروف المد)ن: (ا، و، ي)، هەر یەك لەم پیتانە لە سەرەتای بۆریی هەناسەوە دەردەچێت پاشان درێژ دەبێتەوە و بە بۆشایی دەمدا تێپەڕدەبێت و، بە کۆتایی هاتنی هەواکە ئەمیش تەواو گۆدەکرێت.

بەوپێیەی هەر لەناو بۆشایی دەمدا بەتەواوی گۆدەکرێن، لەبەر ئەوە کراوەتە مەخرەجیش بۆیان، بەم شێوەیەش گۆدەکرێن: (ـَا، ـُو، ـِي). لەڕاستیدا بەشێوەیەکی مەزەندەیی بۆشایی قوڕگ و دەم بە مەخرەجیان هەژمار کراوە، چونکە بەهۆی بەشێکی دیاریکراوی دەمەوە گۆناکرێن، بەڵکو بەهۆی هەوای ناو دەمەوە گۆدەکرێن، هەر بۆیە سیفەتی درێژکردنەوە و کورتکردنەوەیان هەیە.

مەخرەجی دووەم: (الحلق) گەروو

مەخرەجێکی گشتگیرە و، سێ مەخرەجی بەشەکی (جوزئی)ی هەیە، ئەوانیش:

١- **ئەوپەڕی گەروو و نزیکترین مەخرەج لە سینەوە:** پیتەکانی هەمزە و هائی لێوە دەردەچێت و، بەم شێوەیە گۆدەکرێن: (أَءْ، أَهْـ).

٢- **ناوەڕاستی گەروو و ڕووبەڕووی قوڕگ:** پیتەکانی عەین پاشان حائی لێوە گۆدەکرێت، چونکە عەین لە ئەوپەڕی گەرووەوە نزیکترە، بەمشێوەیەش گۆدەکرێن: (أَعْ، أَحْ).

٣- **نزیکترین بەشی قوڕگ:** پیتی غەین پاشان خائی لێوە دەردەچێت، بەم شێوەیە: (أَغْ، أَخْ).

مەخرەجی سێیەم: (زمان)

دە مەخرەجی بەشەکی (جوزئی)ی تێدایە، لە چوار بەشیش پێکهاتووە، ئەوانیش: (ئەوپەڕ، ناوەند، پێشەوە، سەر)ی زمان.

١- مەخرەجی (قاف): لە ئەوپەڕی زمان (واتە کۆتایی زمان)ەوە کە مەڵاشوو یان ئاسمانەی سەرووی دەم لەبەرامبەریدایە، بەم شێوەیە گۆدەکرێت: (أ قْ).

٢- مەخرەجی (کاف): لە ئەوپەڕی زماندایە هاوشێوەی قاف، بەڵام مەخرەجی ئەم لە ناوەڕاستی زمانەوە نزیکترە، بەمشێوەیەش گۆ دەکرێت: (أ كْ).

٣- مەخرەجی (جیم پاشان شین پاشان یاء): بەڵام ئەو یائەی کە درێژناکرێتەوە (مەدد نییە)، واتە یائێکی حەرەکەدار یا سکووندار بێت پاش پیتێکی فەتحەدار هاتبێت.

بە نزیککردنەوەی ناوەندی زمان لەگەڵ بەرامبەری لە مەڵاشوودا ئەم سێ پیتە گۆدەکرێن، بەمشێوەیە: (أ جْ، أ شْ، أ يْ).

٤- مەخرەجی (ضاد): یەك لێواری زمان یا هەردووکیان بەیەکەوە لەگەڵ بەرامبەرەکەیان لە ددانەکانی هاڕەر و خرێ دەدرێن، بەمشێوەیە: (أ ضْ).

٥- مەخرەجی (لام): نزیکترین بەشی دوو لێواری زمان تا کۆتایی سەری زمان (پاش مەخرەجی ضاد) لەگەڵ بەرامبەری خۆی لە مەڵاشووی سەروو دەدرێت، بەمشێوەیە: (أ لْ).

٦- مەخرەجی (نوون)ی حەرەکەدار (واتە ئەو نوونە نەبێت کە لە حاڵەتی ئیدغام و ئیقلابدا هەیە): لە قەراغی زمانەوە دەردەچێت (لە ژێر مەخرەجی لامدا) لەگەڵ بەرامبەری خۆی لە پووکی ددانەکانی سەرەوە، بەمشێوەیە: (أ نْ).

٧- مەخرەجی (راء): بە نزیککردنەوەی قەراغی زمان لەگەڵ بەرامبەری خۆی لە پووکی ددانەکانی سەرەوە گۆدەکرێت، بەمشێوەیە: (أ رْ).

٨- مەخرەجی (طاء، پاشان دال، پاشان تاء): بە چەسپاندنی قەراغی زمان بە ڕەگ و بنی دووددانی بڕەری سەرەوە گۆدەکرێن، بەمشێوەیە (أ طْ، أ دْ، أ تْ).

٩- مەخرەجی (ظاء، پاشان ذال، پاشان ثاء): بە نزیککردنەوەی قەراغی زمان لەگەڵ سەری دوو ددانی بڕەری سەرەوە گۆدەکرێن، بەمشێوەیە: (أ ظْ، أ ذْ، أ ثْ).

١٠- مەخرەجی (صاد، پاشان سین، پاشان زای): بە چەسپاندنی لێواری زمان لەگەڵ بەشی سەرووی دوو ددانی بڕەری خوارووەوە گۆدەکرێن، بەمشێوەیە: (أ صْ، أ سْ، أ زْ).

مەخرەجی چوارەم: (هەردوو لێو)

کە دوو مەخرەجی تێدایە، ئەوانیش:

١- **مەخرەجی (فاء)**: کاتێك دوو ددانە بڕەرەکەی سەروو دەدرێت لە دیوی ناوەوەی لێوی خواروو، واتە بەمشێویە گۆ دەکرێت: (أ فْ).

٢- **مەخرەجی (باء، پاشان میم، پاشان واو)**: بەڵام واوی مەدد نەبێت، واتە ئەو واوە بێت کە حەرەکەدار یا سکووندارە پاش پیتێکی فەتحەدار، پیتی (واو) بە بازنەکردنەوەی هەردوو لێو لەگەڵ یەکتر گۆدەکرێت، بەڵام (باء، میم) بە لێکدان و نووساندنی هەردوو لێو گۆدەکرێن، بەمشێویە: (أ بْ، أ مْ، أ وْ).

مەخرەجی پێنجەم: بۆشایی لووت

کە بریتییە لەوپەڕی لووت، واتە بۆشایی لووت بەسەر قوڕگ (حلق)ەوە: مەخرەجی حەرفە مینگەدارەکانە، کە لەکاتی باسکردنی حوکمەکانی تەجویددا ئاماژەیان پێ دەدەین.

• **سیفەتی پیتەکان چییە و، گرنگیی زانینیان چییە؟**

بۆ گۆکردنی پیتێك مەخرەجی پیتەکە و، حەرەکەکەی و، سیفەتەکەی و، حوکمەکەی بەگوێرەی پیتەکانی پاش و پێشی بەشدار دەبن.

پاش ئەوەی مەخرەجی پیتەکانمان زانی، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سیفەتەکانیشیان بزانین، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی دروست و تەواو گۆیان بکەین.

سیفەتەکانیش بەپێی پەیوەست و ناپەیوەست (اللزوم، و العروض) دەکرێن بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: سیفەتە خۆیی و هەمیشە پەیوەستەکان (اللازمة) بە پیتەوە

واتە ئەو سیفەتانەی هەرگیز لە پیتەکە نابنەوە، جا پیتەکە زەنەدار یا حەرەکەدار بێت.

بەشی دووەم: سیفەتە ناپەیوەستەکان (العَرَضِیّة) بە پیتەوە

واتە ئەو سیفەتانەی هەندێك جار دەچنە پاڵ پیتێك و هەندێك جار لەگەڵی نابن، ئەمەش لەکاتی بەیەکگەیشتنی پیتەکان دەبێت، ئینشائەڵڵا لە حوکمەکانی تەجویددا ئاماژە بەم سیفەتانەش دەدەین.

سیفەتە خۆییەکانیش بە پێی بەیەکگەیشتن و بەیەك نەگەیشتنی پیتەکان دەکرێن بە دوو کۆمەڵەوە: کۆمەڵێکیان دژیان هەیە و ژمارەیان چوارە، کۆمەڵەکەی تریش دژیان نییە و ژمارەیان حەوتە.

• **ئەو سیفەتانە کامانەن کە دژیان هەیە؟**

أ- سیفەتی چپاندن (الهمس): کە پیتەکانیشی لە ڕستەی (فحثه شخص سکت)دا کۆکراونەتەوە، ئەم سیفەتەش بە دەرچوونی هەوای هەناسەیە لەکاتی گۆکردنی پیتەکەدا، ئەمەش لەبەر لاوازیی پیتە گۆکراوەکە و، کەمیی پشتبەستن بە مەخرەجەکەیەتی.

دژەکەشی سیفەتی ئاشکرا و دیاری (الجهر)ە: کە بریتییە لە دەرنەچوونی هەوای هەناسە لەکاتی گۆکردنی پیتدا، بەهۆی بەهێزیی و زۆر پشتبەستن بە مەخرەجەکەی. پیتەکانیشی هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبییە جگە لە پیتەکانی (الهمس).

ب- سیفەتی توندی (الشدة): بریتییە لە گیرانی ڕۆیشتنی دەنگ لەکاتی گۆکردنی پیتدا بەهۆی بەهێزیی و پشتبەستنی زۆر بە مەخرەجەکەیەوە. پیتەکانی خاوەن ئەم سیفەتە لە ڕستەی (أجد قط بکت)دا کۆکراونەتەوە.

دژەکەشی سیفەتی خاوی و نەرمیی (الرخاوة)یە: بریتییە لە سست دەرچوون و ڕۆیشتنی دەنگ لەکاتی گۆکردنی پیتدا بەهۆی لاوازیی و کەم پشتبەستن بە مەخرەجەکەی. پیتەکانیشی بریتین لە هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبی جگە لە پیتەکانی (الشدة).

لە نێوان ئەم دوو سیفەتە دژیەکەدا سیفەتی مامناوەندی (البینیّة) هەیە: بۆ پیتەکانی کۆکراوە لە ڕستەی (لِن عُمر)دا. ئەمەش جۆرە مامناوەندییەکە لە گۆکردنی پیتەکەدا، واتە نە وەك سیفەتی (الشدة) دەنگی پیتەکە لە مەخرەجەکەی دەگیردرێت و، نە زۆریش وەك سیفەتی (الرخاوة) دەردەچێت و تێپەڕ دەبێت.

ج- سیفەتی بەرزبوونەوە (إستعلاء) یا (تفخیم): بریتییە لە بەرزبوونەوەی هەموو یا بەشێکی زمان بەرەو مەڵاشووی سەروو لەکاتی گۆکردنی ئەو پیتانەی لە ڕستەی (خص ضغط قظ)دا کۆکراونەتەوە. هەموو زمان لەکاتی گۆکردنی پیتەکانی (ص، ض، ط، ظ)دا بەرز دەبێتەوە، بەڵام لەکاتی گۆکردنی پیتەکانی (غ، خ، ق)دا ئەوپەڕی زمان بەرز دەبێتەوە.

پێچەوانەی ئەمەش سیفەتی نزم بوونەوە یا ڕاخراوی (**إستفال**) یا (**ترقیق**)ە: ئەمەش بریتییە لە نزمبوونەوەی زمان بەرامبەر مەڵاشووی سەروو. هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبی ئەم سیفەتەیان هەیە جگە لە پیتەکانی (**إستعلاء**).

د- سیفەتی داخراوی (إطباق): بریتییە لە چەسپاندنی زمان بە مەڵاشووی سەرووەوە لەکاتی گۆکردنی پیتەکانی (ص، ض، ط، ظ)دا.

دژەکەشی سیفەتی کراوەیی (إنفتاح)ە: واتە زمان لەکاتی گۆکردنی گشت پیتەکانی زمانی عەرەبیدا نالکێت بە مەڵاشووی سەرووەوە جگە لە پیتەکانی (إطباق).

• ئەو سیفەتانە کامانەن کە دژیان نیە؟

أ- سیفەتی (الصَّفیر): کە دەنگێکی زیادەیە و لەکاتی گۆکردنی پیتەکانی (ص، س، ز)دا دروست دەبێت، ئەم سیفەتەش بۆیە بەم ناوەوە ناو نراوە چونکە سیفەتی دەنگە دروستبووەکە لە خوێندنی یان جریواندنی باڵندە دەچێت.

ب- سیفەتی نەرمونیانی (اللین): واتە گۆکردنی پیت بە نەرمونیانی و بێ زۆر لەخۆکردن، ئەمەش لە پیتەکانی (و، ی)دا دەبێت.

ج- سیفەتی لادان (إنحراف): ئەمەش لادانی پیتە لە مەخرەجی خۆی تا دەگاتە مەخرەجی پیتێکی تر، کە لە گۆکردنی پیتەکانی (ل، ر)دایە، لادانی (لام) لە لێواری زمانەوە دەبێت و، لادانی (راء)یش لە پشتەوەی زمانەوە دەبێت.

د- سیفەتی دووبارەبوونەوە (التکریر): کە تایبەتە بە پیتی (راء) و بریتییە لە لەرزین یا لەرینەوەی زمان لەکاتی گۆکردنیدا، ئەم سیفەتە بۆیە باس دەکرێت تا قسەکەر خۆی لێ لابدات نەك پەیڕەوی بکات.

ذ- سیفەتی بڵاوبوونەوە (التفشي): بریتییە لە بڵاوبوونەوەی ئەو هەوایەی لەکاتی گۆکردنی پیتی (شین)دا بە نێو دەمدا دەردەچێت، تا دەگاتە مەخرەجی (الظاء).

و- سیفەتی درێژکردنەوە (إستطالة): تایبەتە بە پیتی (الضاد) و بریتییە لە درێژبوونەوەی دەنگ لە یەکێك لە لێوارەکانی زمانەوە بەرەو کۆتایی زمان، دەکرێت بە زۆر ڕاهێنان و وتنەوەش بە هەردوو لێواری زمان درێژ بکرێتەوە.

بە سیفەتی (القلقلة)ش کۆتایی بەم باسەی سیفەتەکانی پیتەکان دەهێنین، بەو پێیەی تەنها سیفەتە کە بە گۆکردنی پیتەکانی لە باری زەنەدارکردنیاندا دروست دەبێت.

ز- سیفەتی هەڵبەزین و ڕاتەکان (القلقلة): کە تایبەتە بە پێنج پیتی (قطب جد) و، بریتییە لە بەهێزیی دەنگی پیتی زەنەدار لە مەخرەجەکەیدا، تا بە تەواوی و دیاریی گۆبکرێت، سێ بەشیشە:

(القلقلة الصغری): کاتێك یەکێك لە پیتەکانی لە ناوەڕاستی وشەدا بێت.

(القلقلة الوسطی): کاتێك یەکێك لە پیتەکانی لە کۆتایی وشەدا بێت.

(القلقلة الکبری): کاتێک پیتی قەلقەلەکە (مشدد) گیراو بێت و لە کۆتایی وشەوە بێت.

• ئەم سیفەتەش بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا دیاری کراوە، لە نموونەکانیشی:

تَقْتُلُونَ ، قَبْلُ ، وَلَقَدْ ، غَضَبٌ ، حَيْثُمْ ، تَجْرِي

حوکمەکانی (أعوذ بالله) و (بسم الله)

• حوکمەکانی وتنی (أعوذ بالله) و (بسم الله) کامانەن؟

أ- حوکمی وتنی (أعوذ بالله):
باشتر وایە هەمیشە لە سەرەتای قورئان خوێندندا (أعوذ بالله) بوترێت، جگە لەم بارانە:
- ئەگەر خوێنەر لەبەر خۆیەوە قورئانی دەخوێند، جا بە تەنیا یا لە کۆڕی خەڵکدا.
- ئەگەر بەتەنیا بوو جا لەبەر خۆیەوە یا بە دەنگی بەرز بخوێنێت.
- لەکاتی نوێژکردندا.
ب- حوکمەکانی وتنی (بسم الله):
زانایان و قورئانخوێنان کۆکن لەسەر ئەوەی قورئانخوێن لە سەرەتای هەموو سوورەتێکدا (بسم الله) بکات جگە لە سوورەتی (التوبة).
- ئەگەر قورئانخوێن لە غەیری سەرەتای سوورەتەکانەوە دەستی بە خوێندنەوە کرد ئەوا دەشێت (بسم اللّه) بکات و دەشکرێت نەیکات، تەنانەت لە سوورەتی (التوبة)شدا.
- ئەگەر قورئانخوێن ویستی کۆتایی سوورەتێك بە سەرەتای سوورەتێکی تر بگەیەنێت، ئەوا پاش سوورەتی یەکەم و پێش سوورەتی دووەم بەسەریەکەوە (بسم اللّه) دەکات، بۆ ئەوەی وا دەرنەکەوێت کە (بسم الله)کە سەر بە سوورەتی یەکەمە، تەنانەت ئەگەر پاش سوورەتی یەکەم (بسم اللّه)ی کرد و هەناسەیەکی دا ئەوا هەر پێویستە (بسم الله)ەکە بکاتەوە، ئینجا سوورەتی دووەم بخوێنێت، جگە لە سوورەتی (التوبة) لەبەر ئەوەی بە (بسم الله) دەست پێ ناکات.

حوکمەکانی تەجوید
(الصفات العرضية)

• (الصفات العرضية) چییە؟
ئەو سیفەتانەن کە بەسەر شێوازی گۆکردنی پیتێکی دیاریکراودا دێن کاتێك بە پیتی پێش خۆی یا پاش خۆی کاریگەر دەبێت، کەواتە ئەم سیفەتانە ئەصڵی و بنەڕەتی و هەمیشەیی نین و، لەمەودوا باسیان دەکەین.

حوکمی درێژکردنەوەی پیتەکان
(أحكام المدود)

• درێژکردنەوەی پیت (مد الحرف) چییە و، کام پیتانە درێژدەکرێنەوە؟
(المد) لە زمانی عەرەبیدا واتە: کشاندن و زیادکردن. وەك زاراوەیەکیش: بریتییە لە درێژکردنەوەی دەنگ لەکاتی گۆکردنی یەکێك لە سێ پیتە درێژکراوەکە (حروف المد)دا کە ئەوانیش: ئەلفێکی سکوندار کە پێش خۆی حەرفێکی فەتحەدار بێت (ـَـ ا) و، یائێکی سکوندار کە پێش خۆی حەرفێکی کەسرەدار بێت (ـِـ ی) و، واوێکی سکوندار کە پێش خۆی پیتێکی ضەممەدار بێت (ـُـ و)، ئەم سێ پیتی مەددەش لە وشەی (نُوحِيهَا)دا کۆکراونەتەوە.

• چەند جۆر مەددمان هەیە؟

مەددەکان دوو جۆرن:

أ- (المد الأصلي): ئەو جۆرەیە کە هاوشانی گۆکردنی هەموو پیتەکانە و مەرجی نییە و، ماوەی کرداری درێژکردنەوەکەش هێندەی دوو حەرەکەیە.

حەرەکە: بریتییە لە ماوەی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ گۆکردنی پیتێکی حەرەکەدار جا (فەتحەدار، یا ضەممەدار، یا کەسرەدار) بێت.

کەواتە پێویستە دوو پیتی حەرەکەداری بەدوای یەکداهاتوو لەکاتی گۆکردنیاندا هێندەی دوو حەرەکە درێژبکرێنەوە.

هەر کەسیش شێوازی نوتق و گۆکردنی سەلامەت و دروست بێت بێ زیاد و کەم ئەم مەددە گۆدەکات.. کۆمەڵێك مەددیش هەن کە هاوشێوەی ئەم جۆرەن، ئەوانیش: (المد الطبيعي، مد العوض، مد الصلة الصغرى) واتە هەموو ئەم جۆرە مەددانە بە هێندەی دوو حەرەکەن.

ب- المد الفرعي: جۆرە درێژکردنەوەیەکی زیاترە لە (المد الطبيعي) و، بەهۆی (هەمزە، یا سکون)ەوە دروست دەبێت و، درێژکردنەوەکەش لە دوو حەرەکە زیاترە. ئەمیش دەبێت بە دوو بەشەوە:

١- ئەو مەددانەی بەهۆی پیتی (هەمزە)ەوە دروست دەبن ئەوانیش: (المد الواجب المتصل، المد الجائز المنفصل، مد الصلة الكبرى)ن.

٢- ئەو مەددانەی بەهۆی (سكون)ەوە دروست دەبن ئەوانیش: (المد اللازم، المد العارض للسكون، مد اللين)ن.

• جۆرەکانی (المد الأصلي) کامانەن؟

أ- (المد الطبيعي): درێژکردنەوەی دەنگی پیتێکە کە هەمزە یا سکون پێش یا پاشی نەهاتبن بە ئەندازەی دوو حەرەکە. هەروەك وتمان ئەو کەسەی زمان و کۆئەندامی گۆکردنی سەلامەت و تەواو بێت بێ کەم و زیاد ئەم جۆرە درێژکردنەوەیە دەکات. نموونەش بۆ ئەم جۆرە:

﴿ قَالَ ﴾، ﴿ يَقُولُ ﴾، ﴿ قِيلَ ﴾.

ب- (مد البدل): لە بەیەکگەیشتنی هەمزەیەك بە هەمزەیەکی سکوندار دروست دەبێت، جا ئەمە لە سەرەتای وشەدا وەك: ﴿ ءَامَنُوا ﴾ ﴿ أُوتُوا ﴾ ﴿ إِيمَٰنًا ﴾، یا لە ناوەڕاستی وشەدا بێت وەك: ﴿ ٱلْمَوْءُۥدَةُ ﴾، بەهۆی گۆڕینی هەمزەی دووەمیش بە پیتێکی مەددی هاوڕەگەزی حەرەکەی پێش خۆیەوە بە لەبریی (بدل) ناونراوە، بۆ نموونە وشەی ﴿ ءَامَنُوا ﴾ لە بنەڕەتدا (أأمنوا) بووە. ئەم جۆرە مەددە بە (هەموو هەمزەیەکی درێژکراوە)ش پێناسە دەکرێت. ئەمەش لە (المد الطبيعي)یەکاندا حاڵەتێکی تایبەتە.

ج- (مد العوض): ئەو جۆرە درێژکردنەوەیەیە کە لەکاتی وەستان لەسەر (تەنوینی فەتح)دا دەکرێت، وەك: ﴿ غَفُورًا ﴾، ﴿ شَكُورًا ﴾ لەبەر ئەوەی بە ئەلف قەرەبوو (تعويض)ی تەنوینەکە دراوەتەوە.

د- (مد الصلة الصغرى): ئەمەش بریتییە لە گەیاندن (صلة)ی هائی ضەممەداری جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك (لە زمانی عەرەبیدا) بە واو، هەروەها گەیاندنی بە (ياء) ئەگەر خۆی کەسرەدار بوو. ئەمەش بەو مەرجەی هائەکە خۆی ضەممەدار یا کەسرەدار بێت و کەوتبێتە نێوان دوو پیتی حەرەکەدارەوە، وەك: ﴿ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ ﴾، ﴿ كِتَٰبَهُۥ وَرَآءَ ظَهْرِهِۦ ﴾.

تێبینی: بەگوێرەی ڕیوایەتی (حفص عن عاصم) چەند حاڵەتێك لەم یاسایە لادەدەن، ئەوانەش:

• کاتێك خوای گەورە لە سوورەتی (الزمر)دا دەفەرموێت: ﴿ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ ﴾، کە مەرجەکەشی تێدایە کەچی تەنها وەك هائێکی ضەممەدار گۆدەدرێت، بێ مەددی صیلە.

• هەروەها لە سوورەتی (الفرقان)دا: ﴿ فِيهِۦ مُهَانًا ﴾ کە مەرجەکەشی تێدا نەهاتووەتە دی، کەچی درێژ دەکرێتەوە.

لەفزی ﴿ أَرْجِهْ ﴾ کە لە سوورەتی (الأعراف) و (الشعراء) هاتووە، حەفص هائەکەی بە سکونداری خوێندووەتەوە، بۆیە درێژ ناکرێتەوە بەهۆی نەبوونی مەرجی ضەممەداری یا کەسرەداری تێیدا.

هەموو جۆرەکانی (المد الطبيعي) هێندەی دوو حەرەکە درێژ دەکرێنەوە.

* هەموو جۆرەکانی (المد الطبيعي)ش بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا دەستنیشان کراون، لە نموونەکانیشی:

وَأَهْلَهُۥ ، وَسُلَيْمَٰنَ ، بِءَايَٰتِنَآ ، ءَامَنَّا ، لَأٓيَٰتٍ

• جۆرەکانی (المد الفرعي) کامانەن؟

أ- ئەو مەددانەی بەهۆی (هەمزە)وە دروست دەبن:

١- (المد الواجب المتصل): ئەمەش کاتێك لە وشەیەکدا پیتێکی مەدد هەمزەیەکی بەدوادا بێت، واتە: (وٓ + ء)، (يٓ + ء)، (آء) لەبەر ئەوەی ئەم پیتی مەددە پەیوەندیی بە دوای خۆیەوە هەیە و پێی دەگەیەنرێت بە (المتصل) ناوبراوە. واجب و پێویستە درێژکردنەوەکەش هێندەی (٤) یا (٥) حەرەکە بێت و (٤) حەرەکەکەش پەسەندترە. لە نموونەکانیشی:

﴿ ٱلسَّمَآءِ ﴾، ﴿ سُوٓءُ ﴾، ﴿ قُرُوٓءٍ ﴾، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾.

٢- (المد الجائز المنفصل): کاتێك دروست دەبێت کە حەرفێکی مەدد بکەوێتە کۆتایی وشەیەك و بەدوایدا وشەیەك بێت کە بە هەمزە دەستی پێ کردبێت، ماوەکەشی هێندەی (٤) یا (٥) حەرەکەیە.

لەبەر ئەوەی مامۆستایانی تەجوید کۆك نین لەسەر واجب بوونی، بە (جائز) ناونراوە، چونکە دەکرێت درێژکردنەوەکە هێندەی (٢) یا (٤) یا (٥) یا (٦) حەرەکە بێت. (مد الصلة الكبرى)ش دەچێتە خانەی ئەم حوکمەوە.

لە نموونەکانیشی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾، ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمْ ﴾، ﴿ قُوٓاْ أَنفُسَكُمْ ﴾.

٣- (مد الصلة الكبرى): لە ئەنجامی درێژکردنەوەی حەرەکەی سەر هائی جێناوی لکاوێکەوە دەبێت کە لە پێشییەوە پیتێکی حەرەکەدار هاتبێت و لەدواشیەوە هەمزەیەکی (قطع)ی حەرەکەدار هاتبێت، درێژکردنەوەکەش وەکو (المد الجائز المنفصل) هێندەی (٤) حەرەکەیە.

لە نموونەکانی: ﴿ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥٓ أَحَدٌ ﴾، ﴿ بِرَبِّهِۦٓ أَحَدًا ﴾.

بەڵام لە سوورەتی (النمل)دا: ﴿ فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ﴾ لەم یاسایە لایداوە، چونکە (حەفص) هائەکەی بە سکونداری خوێندووەتەوە، بۆیە (صلة)ی تێدا نییە.

• هەموو ئەو مەددانەی کە بەهۆی هەمزەوە دروست دەبن بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا دیاری کراون، لە نموونەکانیشی:

حَتَّىٰٓ ، إِنَّآ ، وَعَلَيَّ ، جَزَآءُ ، ٱسْطَٰعُوٓاْ ، جَآءَهُمْ ، هَٰذَآ ، يَٰٓأَيُّهَا .

ب- ئەو مەددانەی بەهۆی (سکون)ەوە دروست دەبن:

سکون یا ئەوەتا هەمیشە پەیوەست (لازم)ی پیتێك دەبێت و لێی جیا نابێتەوە و ئەو مەددانەشی کە بەهۆیەوە دێنە کایەوە بەهەمان شێوە (لازم) دەبن؛ یا ئەوەتا کاتیی دەبێت و مەددی (العارض للسکون) و (مد اللين) دروست دەکات.

١- (المد اللازم):

كاتێك پاش پیتی مەدد سكونێك دێت، لە هەردوو باری بەردەوامیی لەسەر خوێندنەوە (وصل) و وەستان لە خوێندنەوە (وقف)دا ئەم جۆرە مەددە دروست دەبێت، كە بە پێی ڕای هەموو مامۆستایانی تەجوید پێویستە ماوەكەی (٦) حەرەكە بێت، لە نموونەكانیشی:

﴿ قٓ ﴾، ﴿ نٓ ﴾، ﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾، ﴿ أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّى ﴾، ﴿ ٱلْحَآقَّةُ ﴾، ﴿ دَآبَّةٍ ﴾.

ئەم جۆرە مەددە بە پێی شوێنەكەی دەكرێت بە دوو جۆرەوە، ئەگەر لە وشەیەكدا ڕووی دا ئەوا پێی دەوترێت وشەیی (كَلِمِيّ)، خۆ ئەگەر لە پیتێكدا بوو ئەوا پێی دەوترێت (حَرْفِي)، هەردوو جۆرەكەش یا قورس كۆكراو (مثقل) یا سووك كۆكراو (مخفف)ن.

• (المد اللازم الكَلِميّ المثقل): ئەمەش ئەو جۆرەیە كە بە هۆی هاتنی پیتێكی شەددەدار لەدوای پیتی مەددەكەوە دروست دەبێت، واتە: (..آ ّ..)، (..وٓ ّ..)، (..يٓ ّ..) لە نموونەكانی ئەم جۆرەش:

﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾، ﴿ ٱلطَّآمَّةُ ﴾ ماوەكەشی (٦) حەرەكەیە.

• (المد اللازم الكَلِميّ المُخَفَّف): ئەمەش كاتێك دروست دەبێت كە پاش پیتی مەددەكە پیتێكی سكوندار هاتبێت كە سكونەكەی پەیوەست بووبێت پێیەوە و شەددەداریش نەبێت، نموونەی ئەم جۆرەش تەنیا لە دوو وشەی سوورەتی (یونس)دا هەیە، ئەوانیش:

﴿ ءَآلْـَٔـٰنَ وَقَدْ كُنتُم ﴾، ﴿ ءَآلْـَٔـٰنَ وَقَدْ عَصَيْتَ ﴾ ماوەكەشی هێندەی (٦) حەرەكەیە.

• (المد اللازم الحرفيّ المُثَقَّل): ئەمەش لەكاتی كۆكردن و خوێندنەوەی ئەو سێ پیتەدا ڕوو دەدات كە لە سەرەتای هەندێك سوورەتدا هاتوون و، پیتی ناوەڕاستیان پیتی مەددە و لەكاتی خوێندنەوەدا لەگەڵ پیتی سێیەمدا تێهەڵكێش دەكرێت، بۆنموونە پیتی (لام) لە ﴿ الٓمٓ ﴾دا و، پیتی (سین) لە ﴿ طسٓمٓ ﴾ ماوەكەشی هێندەی (٦) حەرەكەیە.

• (المد اللازم الحرفيّ المُخَفَّف): لە ئەنجامی هاتنی تاكە پیتێك لە سەرەتای چەند سوورەتێكدا دروست دەبێت، كە لەكاتی كۆكردنەدا بە سێ برگەدەنگ دەردەچێت و، ناوەڕاستەكەیان دەنگێكی درێژكراوەیە و بە برگەدەنگێكی سكوندار كۆتایی بە كۆكردنی دەهێنرێت، بۆ نموونە: كۆكردنی ﴿ قٓ ﴾ بە (قَـافْ)، یا ﴿ صٓ ﴾ بە (صَـادْ)، ماوەكەشی هێندەی (٦) حەرەكەیە.

تایبەتمەندیی هەردوو جۆرەكەی (المد اللازم الحرفي) ئەوەیە: لەو سێ پیتەدا دروست دەبن كە ناوەڕاستیان پیتێكی مەددە و هەموویان دەكەونە سەرەتای سوورەتەكانەوە، ئەم پیتانەش لە دەستەواژەی (نقص عسلكم) دا كۆكراونەتەوە، بەڵام لە ئایەتەكانی ﴿ كٓهيعٓصٓ ﴾و، ﴿ حمٓ ۝١ عٓسٓقٓ ﴾دا پیتی (عەین) ئەم حوكمەی بەسەردا پەیڕەو نابێت و جائیزە هێندەی (٤) حەرەكە درێژ بكرێتەوە.

• هەموو ئەو جۆرانەی مەدد كە بەهۆی (سكون)ەوە دروست دەبن بە هێمای ڕەنگكراوی (▼) لەم قورئانەدا دەستنیشانكراون، لە نموونەكانی:

ٱلطَّآمَّةُ ، عٓسٓقٓ ، حمٓ ، كٓهيعٓصٓ ، الٓمٓ ، ٱلضَّآلِّينَ

تێبینی: لە سەرەتای سوورەتەكاندا چەند پیتێك هەن كە (المد الطبيعي)یان تێدا پەیڕەو دەكرێت، ئەوانیش لە دەستەواژەی (حي طهر)دا كۆكراونەتەوە، نموونەی ئەمەش: ﴿ طه ﴾

٢- مەددی بە سکون پەیدابوو (المد العارض للسكون):

کاتێك دروست دەبێت کە پیتێکی مەدد بێت و لەپاشییەوە پیتێکی فەتحە یا ضەممە یا کەسرەدار هاتبێت بەڵام بەهۆی وەستان و پچڕانی خوێندنەوە (وقف)وە سکوندار بکرێت (لەبەر ئەوەی عەرەبزمان تەنها لەسەر پیتی سکوندار دەوەستن)، بەوپێیەی پیتی پاش پیتی مەددەکە لە بنەڕەتدا خۆی سکوندار نییە و تەنها بەهۆی حاڵەتی وەستان (وقف)ەکەوە سکوندار دەکرێت و، ئەم جۆرە مەددە دروست دەکات هەر بۆیە بەو ناوەوە ناونراوە.

دەکرێت ماوەی درێژکردنەوەکەش کەم (واتە دوو حەرەکە)، یا مامناوەند (واتە چوار حەرەکە)، یا زۆر (واتە شەش حەرەکە) بێت، نموونەی ئەمەش:

﴿ ٱلرَّحِيمِ ﴾، ﴿ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، ﴿ نَسْتَعِينُ ﴾.

٣- (مد اللين): بریتییە لە درێژکردنەوەی دەنگی پیتی واو یا یائێکی سکوندار کە پێش هەر یەکێکیان پیتێکی فەتحەدار هاتبێت و، دوای هەر یەکێکیان سکونێکی نابنەڕەتی (عارض) هاتبێت واتە بەهۆی وەستان (وقف)ەوە پیتەکە سکوندار بووبێت، بەمشێوەیە: (ـَـوْ)، (ـَـيْ) جگە لە ئەلف لەبەر ئەوەی هەمیشە پێش خۆی پیتێکی فەتحەدارە.

ئەم جۆرە مەددە تەنیا لەکاتی وەستان لە خوێندنەوە (وقف)دا دروست دەبێت و، حوکمەکەشی وەك حوکمی (المد العارض للسكون)ە، واتە دەکرێت ماوەکەی هێندەی (٢) حەرەکە، یا (٤) حەرەکە، یا (٦) حەرەکە بێت، لە نموونەکانیشی: ﴿ ٱلْبَيْتِ ﴾، ﴿ خَوْفٌ ﴾.

* هەموو ئەو جۆرانەی مەدد کە بە هۆی وەستان (وقف)ەوە دروست دەبن بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا دیاری کراون، لە نموونەکانیشی:

يُؤْمِنُونَ ، عَظِيمٌ ، يَشْعُرُونَ ، بِمُؤْمِنِينَ ، ٱلصُّدُورِ ، وَيُمِيتُ

ئەم وەستانانەش بەپێی شێوازی خوێندنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر قورئان دیاری کراون، کە لە سەرەتای ئایەتەکان و لە ئاست نیشانەکانی وەستانی بەسوور ڕەنگکراودا وەستاوە.

حوکمەکانی نوونی سکوندار و تەنوین

• نوونی سکوندار چییە و، حوکمەکانی کامانەن؟

نوونی سکوندار: ئەو نوونەیە کە (فەتحە، یا ضەممە، یا کەسرە)ی لەسەر یا لەژێردا نییە. وەك:

﴿ إِنْ ﴾، ﴿ ٱلدُّنْيَا ﴾، ﴿ يَنْهَ ﴾.

(تەنوین): بریتییە لە نوونێکی سکوندار کە لە کۆتایی وشەدا دەخوێنرێتەوە بەڵام بە وێنە نانووسرێت، وەك: ﴿ عَلِيمًا ﴾ کە لەخوێندنەوەدا بە عەلیمەن (عليمَنْ) دەخوێنرێتەوە، یا ﴿ عَلِيمٌ ﴾ کە لەخوێندنەوەدا بە عەلیمون (عليمُنْ) دەخوێنرێتەوە، یا ﴿ عَلِيمٍ ﴾ کە لەخوێندنەوەدا بە عەلیمین (عليمِنْ) دەخوێنرێتەوە.. بەڵام لەکاتی وەستان (وقف) لەسەریدا: ئەوا لە حاڵەتی (نەصب)ەکەی واتە ﴿ عَلِيمًا ﴾ بە دەنگی ئەلفێکی سکوندار کۆتایی بە وشەکە دەهێنرێت واتە عەلیما (عَلِيما) هەروەك لە (مد العوض)دا باسکرا، کەچی لە حاڵەتی (کەسرە و ضەممە)دا بەتەواوی لەسەر نونەکە دەوەستین واتە بە سکونداری و هیچ ئاسەوارێکی (تەنوین) ناهێڵین، وەك: (عليمْ).

ئەو حوکمانەش کە بەسەر نونی سکوندار و تەنویندا دێن، چوارن: (الإظهار، الإدغام، القلب -أو الإقلاب-، الإخفاء).

• (الإظهار) چییە و، پیتەکانی کامانەن؟

(الإظهار) لە زمانی عەرەبیدا واتە: دەرخستن و ئاشکراکردن. وەك زاراوەیەکیش: بریتییە لە گۆکردنی پیت لە مەخرەجەکەی خۆیەوە بێ هیچ زیادە یا مینگەیەك. پیتەکانیشی بریتین لە شەش پیتەکەی کە مەخرەجیان قورگە (الحلق) : (ء ، هـ ، ع ، غ ، ح ، خ). نموونەش بۆی:

هەمزە (ء): ﴿ مِنْ إِلَٰهٍ ﴾ ، ﴿ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾.

هـاء (هـ): ﴿ وَيَنْهَوْنَ ﴾ ، ﴿ مِنْ هَادٍ ﴾،﴿ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ ﴾.

عەین (ع): ﴿ أَنْعَمْتَ ﴾، ﴿ مِنْ عَمَلٍ ﴾،﴿ حَكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾.

حـاء (ح): ﴿ مَنْ حَادَّ ﴾، ﴿ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾.

غەین (غ): ﴿ مِنْ غِلٍّ ﴾،﴿ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴾.

خـاء (خ): ﴿ مِنْ خَيْرٍ ﴾، ﴿ ذَرَّةٍ خَيْرًا ﴾.

ئەم حاڵەتە بە (الإظهار الحلقي)یش ناودەبرێت و، نوونە سکوندارەکە یا تەنوینەکە بەتەواوی گۆدەکرێن و، پیتی دواشیان سەربەخۆ گۆدەکرێت.

• بەوپێیەی نوونە سکوندارەکە و تەنوینەکە بەتەواوی وەك خۆیان گۆدەکرێن، لە قورئانیشدا بە هێما و ڕەنگەوە ئەم حاڵەتە دیاری نەکراوە.

• (الإدغام) چییە و، پیتەکانی کامانەن و، چەند بەشە؟

(الإدغام) لە زمانی عەرەبیدا واتە: تێهەڵکێش کردنی شتێك لە شتێکی تر. وەك زاراوەیەکیش: بریتییە لە گەیاندنی پیتێکی سکوندار بە پیتێکی حەرەکەدار، تا ئەو ئەندازەیەی کە وەك پیتێکی شەددەداریان لێ بێت و زمان لە کاتی گۆکردنیدا یەك جار بەرز ببێتەوە.

حوکمی ئیدغام کاتێك لە قورئاندا پەیڕەو دەبێت کە پاش نوونێکی ساکن یا تەنوین یەکێك لە پیتەکانی هاتبێت ئەوانیش لە ڕستەی (یرملون)دا کۆکراونەتەوە. واتە لەم بارەدا نوونە سکوندارەکە یا تەنوینەکە دەلکێنرێت بە یەکێك لەم پیتانەوە و، پیتی ئیدغامەکە وەك یەك پیتی شەددەدار گۆدەکرێت، وەك: ﴿ مَن يَعْمَلْ ﴾، ﴿ مِن مَّآءٍ ﴾، واتە مەرجە ئیدغام (بەهۆی نوونی سکوندار و تەنوینەوە) لە نێوانی دوو وشەدا دروست ببێت.

(إدغام) بەپێی شێوازی گۆکردنی دەکرێت بە دوو بەشەوە: (ئیدغام بە مینگەوە، ئیدغامی بێ مینگە).

أ- ئیدغام بە مینگەوە:

(مینگە: دەنگێکە لە بۆشایی لووتەوە دەردەچێت، واتە لەو شوێنەوە کە بەسەر سەقفی قورگدا درێژبووەتەوە و. زمان لە بەرهەمهێنانیدا بەشدار نییە). درێژی و کورتیی ئەندازەی مینگەش چەند ئاستێکی جیاجیای هەیە.

ئەم جۆرە ئیدغامەش کاتێکە کە نوونێکی سکوندار یا تەنوینێك لە کۆتایی وشەیەکدا هاتبێت و یەکێك لە پیتەکانی (یومن)ی بەدوادا هاتبێت، وەك:

یـاء: ﴿ مَن يَعْمَلْ ﴾ ، ﴿ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ ﴾ .

واو: ﴿ مِن وَاقٍ ﴾ ، ﴿ سِرَاجًا وَهَّاجًا ﴾.

میم: ﴿ مِن مَّحِيصٍ ﴾ ، ﴿ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴾.

نون: ﴿ إِن نَّقُولُ ﴾ ، ﴿ تَوْبَةً نَّصُوحًا ﴾.

گەر سەرنج بدەین دەبینین ئیدغامی نوونی سکوندار یا تەنوین لەگەڵ (یاء) یا (واو)دا تەواوەتی نییە، چونکە لەکاتی گۆکردندا سیفەتی (مینگە) ئاماژەیە بۆ بوونی نوونی سکوندار یا تەنوین، بۆیە بە ئیدغامی (واو) یا (یاء) دەوترێت (الإدغام الناقص)، لەکاتێکدا بە ئیدغامی (نوون) یا (میم) دەوترێت (الإدغام الكامل) چونکە نوونە سکوندارەکە یا تەنوینەکەی وشەی یەکەم بەتەواوی لەگەڵ (نوون) یا (میم)ەکەدا تێهەڵکێش دەکرێت و، ئەو دوو پیتە خۆشیان لەگۆکردندا سیفەتی مینگەیان هەیە.

لە ﴿ يسٓ ۝ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ ﴾ و، ﴿ نٓ ۚ وَٱلْقَلَمِ ﴾دا واجبە نوونەکە بێ مینگە گۆبکرێت، چونکە ئەم ئیدغامە بەپێی ڕیوایەتی (حفص عن عاصم) و لەڕێی (الشاطبية)وە تۆمار نەکراوە.

• حوکمی ئیدغام بە مینگەوە بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا دیاری کراوە، لە نموونەکانی ئەم جۆرەش:

لَن يُخْرِجَ ، قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ ، مِن مِّثْلِهِۦ ، رَّبِّ مِمَّا

ب- ئیدغامی بێ مینگە: ئەمەش بە بەیەکگەیشتنی نوونی سکوندار یا تەنوین بە پیتەکانی (ل، ر)، وەك: ﴿ مِن لَّدُنْ ﴾ ، ﴿ مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا ﴾ .

* ئیدغامی بێ مینگە بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا دیاری کراوە، لە نموونەکانی ئەم جۆرەش:

مَرَضًا ۖ وَلَهُمْ ، ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ، رِزْقًا لَّكُمْ ۖ ، خَيْرٌ لَّكُمْ .

ئەم هێمایە ئاماژەشە بۆ ئەو پیتانەی لە قورئاندا گۆناکرێن، ئەمەش لەبەر لەیەکچوونی حاڵەتی گۆنەکردنەکەی ئەم ئیدغامە لەگەڵ ئەو پیتانە، با حوکمەکانیشیان جیاواز بێت. لە نموونەی ئەم پیتە گۆنەکراوانەش:

ٱلرِّجَالُ ، وَٱجْعَل ، رِيحًا تَجْرِي بِهِمْ ، وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ ، يَقُولُوا

• **حوکمی هەڵگێڕانەوە (القلب) چییە و لە کام پیتانەدا ڕوودەدات؟**

القلب: لە زمانی عەرەبیدا واتە وەرگێڕانی شتێك لە ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی. وەك زاراوەیەکیش: واتە هەڵگێڕانەوەی نوونی سکوندار یا تەنوین بە میم بە مینگەوە ئەگەر پیتی (باء) بەدوای یەکێکیاندا هاتبوو. وەك: ﴿ يُنۢبِتُ لَكُم ﴾ ، ﴿ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ﴾ ، ﴿ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴾.

• حوکمی هەڵگێڕانەوە (القلب) بە هێمای ڕەنگکراوی (م) لەم قورئانەدا دیاری کراوە، لە نموونەکانی ئەم جۆرەش:

صُمٌّۢ بُكْمٌ ، مُحِيطٌۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ، مِنۢ بَعْضٍ ، ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ، مِنۢ بَعْدِهِۦ .

• **حوکمی شاردنەوە (الإخفاء) چییە و، پیتەکانی کامانەن؟**

(الإخفاء): لە زمانی عەرەبیدا واتە شاردنەوە. وەك زاراوەیەکیش: بریتییە لە گۆکردنی پیتێکی سکونداری بێ شەددە پاش نونێکی سکوندار یا تەنوینێك، ئەمەش بەشێوەیەك کە لە نێوان (الإظهار) و (الإدغام)دا بێت، لەگەڵ هێشتنەوەی سیفەتی مینگەی نوونە سکوندارەکە یا تەنوینەکە، پیتەکانیشی بریتین لە سەرەتای وشەکانی ئەم دێڕە شیعرە عەرەبییە:

(صف ذا ثنا جود شخص قد سما كرما * ضع ظالماً زد تقى دم طالبا فترى)

نموونەش بۆی: ﴿ يَنصُرْكُمْ ﴾، ﴿ رِيحًا صَرْصَرًا ﴾، ﴿ لِّيُنذِرَ ﴾، ﴿ مِن ذَهَبٍ ﴾، ﴿ ٱلْجَنَّةِ ﴾، ﴿ يَوْمًا ثَقِيلًا ﴾، ﴿ أَنجَىٰكُم ﴾، ﴿ مَن جَآءَ ﴾، ﴿ مَّنثُورًا ﴾، ﴿ بَأْسٍ شَدِيدٍ ﴾، ﴿ مُّنقَلَبًا ﴾، ﴿ سَمِيعٌ قَرِيبٌ ﴾، ﴿ ٱلْإِنسَٰنُ ﴾، ﴿ أَنتُمْ ﴾، ﴿ بَقَرَٰتٍ سِمَانٍ ﴾، ﴿ أَنكَٰثًا ﴾، ﴿ أَفَمَن كَانَ ﴾، ﴿ قَوْمًا ضَآلِّينَ ﴾، ﴿ ٱنظُرْ ﴾، ﴿ ظِلًّا ظَلِيلًا ﴾، ﴿ مَّآءً فُرَاتًا ﴾، ﴿ أَنزَلْنَٰهُ ﴾، ﴿ نَفْسًا زَكِيَّةً ﴾، ﴿ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا ﴾، ﴿ أَندَادًا ﴾، ﴿ وَكَأْسًا دِهَاقًا ﴾، ﴿ بِٱلْحَقِّ ﴾، ﴿ حَيَوٰةً طَيِّبَةً ﴾، ﴿ أَنفُسَكُمْ ﴾.

لەم نموونانەشدا دەبینین گۆکردنی نونە سکوندارەکە یا تەنوینەکە بێ شەددە و گرتنە، واتە لە نێوان (الإظهار) و (الإدغام)دایە و، زۆرینەی ئاوازی گۆکردنەکەی دەشاردرێتەوە و دەرناکەوێت و مینگەیەکی تەواو جێی دەگرێتەوە کە زمان ڕۆڵی لە گۆکردنیدا نییە، تەنانەت گۆکردنی نوونە سکوندارەکە یا تەنوینەکە دەگەیەنرێتە نزیکی مەخرەجی پیتەکەی دوایان بەڵام بەتەواوی ناگەیەنرێنە مەخرەجی ئەو پیتە نەکا ببێتە (الإظهار)، پاشان بوار بە مینگەکە دەدرێت تا لە لووتەوە دەربچێت و، ئەم دەنگی مینگەیە دەکەوێتە بری تەنوین و نوونە سکوندارەکە.

• حوکمی شاردنەوە (الإخفاء) بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا دیاری کراوە، لە نموونەکانی ئەم جۆرەش:

يُنذِرْهُمْ، ءَأَنذَرْتَهُمْ، أَنفُسَهُمْ، مِن دُونِ، عُمْيٌ فَهُمْ

حوکمەکانی میمی سکوندار

• **حوکمەکانی میمی سکوندار چین؟**

میمی سکوندار سێ حوکمی هەیە، ئەوانیش: تێهەڵکێش کردنی لەگەڵ (میم)ی تردا و، شاردنەوەی لەگەڵ (باء) و، دەرخستنی لەگەڵ پیتەکانی دیکەی زمانی عەرەبیدا.

أ- تێهەڵکێش کردن (الإدغام): بریتییە لە تێهەڵکێش کردنی نونی سکوندار لەگەڵ میمێکی ناسکوندار لە سەرەتای وشەی دواتریدا، واتە وەك یەك میمی شەددەدار گۆدەکرێن بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سیفەتی مینگەی تەواو، نموونەش بۆی:

﴿ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ ﴾، ﴿ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ ﴾.

• حوکمی تێهەڵکێشکردن (إدغام)ی میمی سکوندار بە بەدوای یەکداهاتنی دوو هێمای ڕەنگکراوە (▼▼) لەم قورئانەدا دیاری کراون، لە نموونەکانی ئەم جۆرەش:

فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ، ءَاذَانِهِم مِّنَ، أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ.

ب- شاردنەوە (الإخفاء): بریتییە لە شاردنەوەی ئەو میمە سکوندارەی پیتی (باء)ی بەدوادا دێت، پێشی دەوترێت شاردنەوەی لێویی (إخفاء شفوي) لەبەر ئەوەی مەخرەجی هەردوو پیتی میم و بائەکە لێوەکانە. شێوازی گۆکردنی ئەم حاڵەتەش بە گۆکردنی میمەکە لە بۆشایی لووت (خیشوم)ەوە دەبێت کە مەخرەجی مینگەشە و، لەکۆتاییدا بە لێکنانی هەردوو لێو دەنگەکە دروست دەبێت، وەك:

﴿ وَمَن يَعْتَصِم بِٱللَّهِ ﴾، ﴿ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴾.

• حوکمی شاردنەوە (الإخفاء)ی میمی سکوندار بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا دیاری کراوە، لە نموونەکانیشی:

هُم بِهِۦ، يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ، يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ، فَأُنَبِّئُكُم بِمَا

ج- دەرخستن (الإظهار): ئەمەش ئەگەر لە دوای نوونی سکوندارەوە پیتەکانی دیکەی زمانی عەرەبی هاتن، واتە جگە لە پیتی (میم و باء) و، بێ زیادکردنی مینگەش.

• ئەو سەری حاڵە بچووکەی لە قورئاندا دەیبینین ئاماژەیە بۆ سکوون و، لە هەرکوێ لەسەر پیتی میم بینیمان ئەوا ئاماژەیە بۆ حوکمی (الإظهار)، خۆ ئەگەر نوونی سکوندار ئەم هێمایەی لەسەر نەبوو ئەوا ئاماژەیە بۆ حوکمی (الإدغام) یا (الإخفاء) ئەمەش بەپێی ئەو پیتەی کە بەدوایدا دێت، لەم بارانەشدا هەروەك باسمان کرد میمی دووەم شەددەدار دەکەین، یا بائی پاش میمە سکوندارەکە بێ شەددە دەخوێنینەوە، بەمەشمان وت (الإخفاء الشفوي).

حوکمەکانی تێهەڵکێش کردن (الإدغام)

• ئایا جگە لەوەی باسمان کرد (الإدغام) حوکم و حەرفی دیکەی هەیە؟

(الإدغام) سێ حوکمی دیکەی هەیە، ئەوانیش: هاوشێوەبوون (التماثل)، هاومەخرەجی (التجانس)، نزیکی (التقارب).

أ- (الإدغام المتماثل): بریتییە لە تێهەڵکێشکردنی دوو پیتی هاوسیفەت و هاومەخرەج و بەدوای یەکدا هاتوو، وەك دوو (باء) یا دوو (تاء) یا دوو (ثاء)، جا ئەمە ئەگەر لە یەك وشەدا بوون، وەك: ﴿ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ ﴾، یا لە دوو وشەدا وەك: ﴿ وَقَد دَّخَلُوا۟ ﴾، ﴿ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ﴾، ﴿ فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ ﴾.

هەر کات دوو پیتی هاوڕەگەز بەمشێوەیە بەدوای یەکدا هاتن و یەکەمیان سکوندار بوو و دووەمیان حەرەکەدار، ئەوا واجبە تێهەڵکێشی یەکدی بکرێن و وەك یەك پیتی شەددەدار گۆبکرێن، وەك: ﴿ فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ ﴾.

بەڵام ئەگەر هاتوو دوو پیتی هاوڕەگەز بەدوای یەکدا هاتن و، پیتی یەکەم (مەد) بوو و دووەمیش لە ڕەگەزی ئەو، ئەوا لە حوکمی (الإدغام) دەردەچێت و، پێویستە بە ئاشکرا (الإظهار) گۆبکرێن.

هەروەها گەر سەرنجی قورئانیش بدەین، دەبینین هەرکات دوو پیتی هاوڕەگەز بەدوای یەکدا هاتن -سکوندار بوون یا موتەحەڕیك- ئەوا حوکمی بە واجبی دەرخستن و گۆکردن (وجوب الإظهار)یان هەیە.

خۆ ئەگەر پیتە سکوندارەکە هائێکی لەسەرووەستاو (هاء سكت) بوو، ئەوا دەکرێت حوکمی (الإدغام) و (الإظهار)یشی بەسەردا پەیڕەو بکرێت. ئەمەش تەنها لە یەك شوێنی سوورەتی (الحاقة)دا هاتووە: ﴿ مَالِيَهْ ۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ ﴾.

• حوکمی تێهەڵکێشکردنی دوو هاوشێوە (الإدغام المتماثل) بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ ، وَقَد دَّخَلُوا۟ ، ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ، رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ

ب- تێهەڵکێشکردنی دوو هاوڕەگەز لە مەخرەجدا (الإدغام المتجانس): ئەمەش لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی دوو پیتدا دەبێت کە هەمان مەخرەجیان هەبێت، بەڵام لە هەندێك سیفەتدا جیاواز بن، پیتەکانی ئەم حوکمەش بریتین لە: (د، ت، ط)، (ذ، ث، ظ)، (ب، م).

١- (دال) لەگەڵ (تاء)، وەك: ﴿ وَجَدتُّم ﴾، ﴿ وَقَد تَّبَيَّنَ ﴾، ﴿ كِدتَّ ﴾.

٢- (تاء) لەگەڵ (دال)، وەك: ﴿ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا ﴾.

٣- (تاء) لەگەڵ (طاء)، وەك: ﴿ قَالَت طَّآئِفَةٌ ﴾.

٤- (طاء) لەگەڵ (تاء)، وەك: ﴿ بَسَطتَ ﴾، ﴿ أَحَطتُ ﴾، ﴿ فَرَّطتُمْ ﴾.

٥- (ذال) لەگەڵ (ظاء)، وەك: ﴿ إِذ ظَّلَمُوٓاْ ﴾، ﴿ إِذ ظَّلَمْتُمْ ﴾.

٦- (ثاء) لەگەڵ (ذال)، وەك: ﴿ يَلْهَث ذَّٰلِكَ ﴾.

٧- (باء) لەگەڵ (میم)، وەك: ﴿ ٱرْكَب مَّعَنَا ﴾.

• حوکمی تێهەڵکێشکردنی دوو هاوڕەگەز لە مەخرەجدا (الإدغام المتجانس) بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

وَجَدتُّم ، كِدتَّ ، قَالَت طَّآئِفَةٌ ، إِذ ظَّلَمْتُمْ

ج- تێهەڵکێشکردنی دوو پیتی مەخرەج لەیەکەوە نزیك (الإدغام المتقارب): بریتییە لە تێهەڵکێشکردنی دوو پیتی مەخرەج و سیفەت لەیەکەوە نزیکی بەدوای یەکدا هاتوو، لە پیتەکانی:

١- (لام) لەگەڵ (راء)، وەك: ﴿ بَل رَّفَعَهُ ﴾، ﴿ وَقُل رَّبِّ ﴾.

٢- (قاف) لەگەڵ (کاف)، وەك: ﴿ نَخْلُقكُّم ﴾.

• حوکمی تێهەڵکێشکردنی دوو پیتی مەخرەج لەیەکەوە نزیك (الإدغام المتقارب) بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

بَل رَّفَعَهُ ، وَقُل رَّبِّ ، بَل رَّبُّكُمْ ، نَخْلُقكُّم

حوکمەکانی میم و نوونی شەددەدار

• حوکمەکانی میم و نوونی شەددەدار کامانەن؟

میم و نوونی شەددەدار (مّ،نّ) هەرچۆنێك بن هەمان حوکمیان هەیە، لەکاتی وەستان (وقف) یا بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوە (وصل)دا بن، یا لە ناوەڕاستی وشە یا لە کۆتاییدا، لە ناو فرمان یا ناو یا پیتی واتاداردا بن، ئەو حوکمەش بریتییە لە واجب بوونی بە مینگەوە خوێندنەوەیان.

• حوکمی نوون و میمی شەددەدار (تەنوین) بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

إِنَّ ، إِنَّمَا ، مُّسَمًّى ، ثُمَّ ، رَبِّ مِّمَّا ، ظَنًّا ، ءَامَنَّا

حوکمەکانی لامی سکوندار

• لامی سکوندار دەکەوێتە چەند شوێنەوە و، حوکمەکانی کامانەن؟

لامی سکوندار لە زمانی عەرەبیدا لە پێنج شوێندا هەیە، ئەوانیش: (لام التعريف -اللام الزائدة-، لام الفعل، لام الإسم، لام الحرف، لام الأمر).

أ- حوکمەکانی لامی ناساندن (اللام التعريف -اللام الزائدة-):

١- تێهەڵکێشکردن (الإدغام): ئەگەر یەکێك لە چواردە پیتە (شەمسی)یەکان بەدوایدا هات، ئەوا لەگەڵیدا

تیهەڵکێش دەکرێت، ئەوانیش پیتەکانی سەرەتای هەریەك لەم وشانەی ئەم دێڕە شیعرەن:

(طب ثم صل رحماً تفز ضف ذا نعم* دع سوء ظن زر شريفا للكرم).

وەك: ﴿ ٱلتَّلَاقِ ﴾ ، ﴿ ٱلطَّآمَّةُ ﴾ ، ﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾ ، ﴿ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ﴾ ، ﴿ ٱلظَّالِمِينَ ﴾ ، ﴿ ٱللَّطِيفُ ﴾

• حوکمی تیهەڵکێشکردنی (لام) بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەسەر وشەکانی ئەم قورئانە نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

ٱلزَّكَوٰةَ ، وَٱلصَّلَوٰةَ ، ٱلرَّٰسِخُونَ ، بِٱلسِّنِينَ ، ٱلثَّمَرَٰتِ

٢- دەرخستن (الإظهار): ئەگەر یەکێك لە پیتە (قەمەری)یەکانی زمانی عەرەبی بەدوای ئەم لامەدا هات، ئەوا بە ئاشکرا گۆدەکرێت: ئەو پیتانەش لە دەستەواژەی (إبغ حجك وخف عقيمه)دا کۆکراونەتەوە. نموونەش بۆ ئەم حوکمە:

﴿ ٱلْأَرْضِ ﴾ ، ﴿ ٱلْحَجِّ ﴾ ، ﴿ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾

ب- حوکمەکانی ئەو لامەی دەکەوێتە فرمانی عەرەبییەوە (لام الفعل): جا ئەو فرمانە ڕابردوو (ماضي) یا ڕانەبردوو (مضارع) یا داخوازی (أمر)، لە سەرەتا یا لە ناوەڕاست یا لە کۆتاییدا بێت.

١- تیهەڵکێشکردن (الإدغام): ئەم لامە لەگەڵ پیتی دوای خۆی تیهەڵکێش دەکرێت ئەگەر ئەو پیتە (لام) یا (راء) بوو ئەمەش تەنیا لە فەرمانی داخوازی (فعل الأمر)ی عەرەبیدا دەبێت، وەك: ﴿ قُل لَّآ أَمْلِكُ ﴾، ﴿ وَقُل رَّبِّ ﴾.

• حوکمی تیهەڵکێشکردنی (لام)ی فرمان بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەسەر وشەکانی ئەم قورئانە نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

قُل لَّآ أَمْلِكُ ، وَقُل رَّبِّ

٢- دەرخستن (الإظهار): گەر جگە لە (ل، ر) هەر پیتێکی تر بەدوای ئەم جۆرە لامەدا هات، ئەوا بە ئاشکرا دەخوێنرێتەوە، وەك:

﴿ أَنزَلْنَا ﴾ ، ﴿ قُلْ نَعَمْ ﴾ ، ﴿ يَلْتَقِطْهُ ﴾.

ج- حوکمەکانی لامی (الحرف)ی عەرەبی: مەبەستمان لەمە ئەو لامەیە کە لە (الحرف)دا دێت، (الحرف) یش لە زمانی عەرەبیدا دوو پیت یا زیاترە کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە ڕستەدا دێن. لە قورئانی پیرۆزیشدا تەنها دوو حەرفی (هل، بل) لەم جۆرەن.

١- تیهەڵکێشکردن (الإدغام): لامی هەر یەك لە حەرفەکانی (هل) یا (بل) لەگەڵ سەرەتای وشەی دوای خۆیاندا تیهەڵکێش دەکرێت ئەگەر ئەو وشەیە بە (ل) یا (ر) دەستی پێکردبوو، نموونەش بۆی: ﴿ هَل لَّنَا ﴾ ، ﴿ بَل رَّفَعَهُ ﴾.

• حوکمی تیهەڵکێشکردنی (لام)ی حەرف بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەسەر پیتی یەکەم لەم قورئانەدا نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

هَل لَّنَا ، فَهَل لَّنَا ، بَل رَّفَعَهُ .

٢- دەرخستن (الإظهار): گەر جگە لە (ل، ر) هەر پیتێکی تر بەدوای ئەم جۆرە لامەدا هات، ئەوا بە ئاشکرا دەخوێنرێتەوە.

د- ئەو (لام الأمر)ەی لە زمانی عەرەبیدا دەچێتە سەر فرمانی ڕانەبردوو (مضارع): هەمیشە حوکمی (الإظهار)ی بەسەردا پەیڕەو دەکرێت، وەك:
﴿ فَلْيَنظُرِ ﴾، ﴿ فَلْيُصَلُّوا ﴾.

هـ- لامی ناو (لام الإسم): ئەو لامەیە کە لە بونیادی وشەی عەرەبیدا هەیە و، حوکمەکەشی تێهەڵکێشکردن (إدغام)یەتی بە پاش خۆیەوە، وەك:
﴿ الَّذِى ﴾، ﴿ الَّتِى ﴾.

حوکمەکانی لامی وشەی (الله)

ئەگەر پێش (اللّـه) فەتحە یا ضەممە هەبوو لامەکە بە قەڵەوی (مفخم)ی دەخوێنرێتەوە، واتە بە (ڵـ)، وەك: ﴿ قَالَ اللَّهُ ﴾، ﴿ عَبْدُ اللَّهِ ﴾.

ئەگەر جگە لە فەتحە یا ضەممە هەر حەرەکەیەکی دیکە پێش (اللّه) هاتبوو، ئەوا (لام)ەکەی بە نەرمی دەخوێنرێتەوە، واتە (لـ)، وەك: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ مَجْرٜىٰهَا ﴾.

• حوکمی بە قورسی یا قەڵەوی خوێندنەوەی (لام)ی (اللّـه) بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ ، شَآءَ اللَّهُ ، إِنَّ اللَّهَ ، أَطَاعَ اللَّهَ ، عَبْدُ اللَّهِ.

حوکمەکانی (راء)

• حوکمەکانی (راء) کامانەن؟

أ- قەڵەو گۆکردن (تفخیم)ی ڕاء: ئەگەر فەتحە یا ضەممەی لەسەر بوو ئەوا بە قەڵەوی گۆدەکرێت، واتە بە (ڕ)، وەك: ﴿ عُرُبًا ﴾، ﴿ أَتْرَابًا ﴾.

یا خۆی سکوندار بێت بەڵام پیتی پێش خۆی فەتحە یا ضەممەی لەسەر بوو، وەك: ﴿ الْقُرْءَانُ ﴾، ﴿ الْعَرْشِ ﴾.

یا خۆی سکوندار بێت و پێش خۆی پیتێك بێت کە سکونێکی نابنەڕەتی (عارض)ی لەسەر بێت، وەك: ﴿ لِمَنِ ارْتَضَىٰ ﴾.

یا خۆی سکوندار بێت و لە پێشییەوە پیتێکی کەسرەدار هاتبێت و لە پاشیشیەوە پیتێکی (إستعلاء)ی ناکەسرەدار هاتبێت، وەك: ﴿ قِرْطَاسٍ ﴾.

یا خۆی سکوندار بێت و لە پێشییەوە پیتێکی سکوندار هاتبێت و پێش ئەویش پیتێکی فەتحە یا ضەممەدار هاتبێت، وەك: ﴿ وَالْعَصْرِ ﴾ لەکاتی لەسەر وەستانیدا (الوقف).

• حوکمی بە قەڵەوی خوێندنەوەی (راء) بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

رَسُولٌ ، مُسْتَكْبِرُونَ ، وَرَأَيْتَهُمْ ، أَسْتَغْفَرْتَ ، وَالْأَرْضِ

ب- بە نەرمی گۆکردنی ڕاء (ترقیق الراء): ئەگەر کەسرەی لە ژێردا بوو، وەك: ﴿ رِجَالٌ ﴾.

یا خۆی سکوندار بێت و، پێش خۆی پیتێك بێت کە کەسرەیەکی بنەڕەتیی لەژێردا بێت، وەك: ﴿ فِرْعَوْنَ ﴾.

یـا ئەگـەر لـە کاتـی وەسـتان (وقـف)دا خۆی سـکوندار بکرێـت و، پێش خـۆی پیتێکی یائی سـکوندار یـا پیتێکی خاوەن سـکونێکی بنەڕەتی هاتبێـت، وەك: ﴿ قَدِيرٌ ﴾، ﴿ نَاصِرٍ ﴾.

یـا خـۆی لەکاتـی وەسـتان (وقف)دا سـکوندار بکرێـت و، پێش خـۆی پیتێکی سـکوندار و پێش ئەویـش پیتێکی کەسرەدار هاتبێـت، وەك: ﴿ ٱلسِّحْرَ ﴾.

ج- (جواز الوجهين): دەتوانین لەم حاڵەتانەدا (ترقیق) و (تفخیم)ی (راء) بکەین:

١- ئەگـەر (راء) لـە کۆتایـی وشـەدا بێت و بەهـۆی وەسـتان (وقف)ەوە سـکوندار بکرێت و لە پێشـییەوە پیتێکی (إستعلاء)ی سـکوندار و پێش ئەویش پیتێکی کەسرەدار هاتبێت، وەك: ﴿ ٱلْقِطْرِ ﴾، ﴿ مِصْرَ ﴾.

٢- ئەگـەر خـۆی سـکوندار بێـت و پێش خۆی پیتێك بێت کە سـکونێکی بنەڕەتیی لەسـەر بێـت و، پاش ڕائەکەش پیتێکـی (إسـتعلاء) هاتبێـت، کـە ئەمـەش تەنهـا لە ئایەتـی (٦٣)ی سـوورەتی (الشـعراء)دا و لە وشـەی ﴿ فِرْقٍ ﴾دا، لـە حاڵەتـی بـەردەوام بـوون لەسـەر خوێندنـەوە هەندێك کەس بـە قەڵـەوی دەیخوێننـەوە بەوپێیەی تەنهـا گرنگی بـە پیتـی (إسـتعلاء)ەکەی پاشـی دەدەن و، هەندێکیـش بـە ناسـکی دەیخوێننـەوە بەوپێیـەی پێشـی کەسرەیـە و ئـەوەش لـە قەڵەوییەکـەی کـەم دەکاتـەوە. بـەڵام لـە حاڵەتـی وەسـتان لـە خوێندنـەوە (وقـف)دا تەنهـا بە قورسـی دەخوێنرێتـەوە چونکـە ئـەو کەسرەیـەی قافەکـەی پاشـی کە هـۆکاری نـەرم خوێندنەوەکـەی بوو دەبێتە سـکون.

هەمزەی وەصل و هەمزەی قەطع

• **هەمزەی وەصل چییە؟ هەمزەی قەطعیش چییە؟**

هەمـزەی گەیانـدن (الوصـل): بریتییـە لـەو هەمزەیـەی لـە سـەرەتای خوێندنـەوەدا گۆدەکرێـت و، لـە میانەیدا گۆناکرێـت، لـەم موصحەفەشـدا صادێکـی بچـووك (ص)ی لەسـەر دانـراوە و، لە (فعل) و (إسـم) و (ال)ی شوناسـدا دێت، وەك:

﴿ وَٱدْعُواْ شُهَدَآءَكُم ﴾، ﴿ بِغُلَٰمٍ ٱسْمُهُۥ يَحْيَىٰ ﴾، ﴿ ٱلَّذِينَ ﴾. حوکمی ئەم جۆرە هەمزەیەش:

أ- ئەگەر لە (ال)ی شوناسدا بوو هەمیشە بە فەتحەداری دەخوێنرێتەوە، وەك: ﴿ ٱللَّهُ ﴾، ﴿ ٱلْقَارِعَةُ ﴾.

ب- ئەگـەر لـە ناوێکی بێ (ال)دا هات، ئەوا هەمیشـە بـە کەسرەداری دەخوێنرێتەوە، وەك: ﴿ ٱبْنَ ﴾، ﴿ ٱثْنَيْنِ ﴾، ﴿ ٱمْرَأَتُ ﴾، ﴿ ٱسْمَ ﴾. بەڵام لە ﴿ ٱلِاسْمُ ٱلْفُسُوقُ ﴾دا دەکرێت بە دوو شێوە بخوێنرێـتەوە:

١- "أَلِسْمُ الفسوق" واتە بە هەمزەیەکی فەتحەدار و لامەکەی دوایشی بە کەسرەداری.

٢- "لِسْمُ الفسوق" واتە هەمزەکە نەخوێنرێتەوە و لامەکەش بە کەسـرەداری بخوێنرێتەوە.

بـەڵام دەبێـت وریابـن کـە تەنهـا وەك تاقیکردنـەوە (إختبـار) دەکرێـت بـەم وشـەیە دەسـت بـە خوێندنـەوە بکرێـت نـەك هـەر کات خوێنـەر ویسـتی لەسـەر بـوو.

ج- چاوگی فەرمانە عەرەبییە پێنج و شەش پیتییەکانیش بە کەسرەداری دەخوێنرێنەوە، وەك: ﴿ ٱسْتِغْفَارُ ﴾، ﴿ ٱسْتِكْبَارًا ﴾.

د- ئەگـەر لـە فەرمانـی عەرەبییـدا هـات: ئـەوا لـە پیتـی سـێیەمی دەڕوانیـن، ئەگـەر ضەممـەدار بـوو ئـەوا هەمزەکـەش بـە ضەممـەداری دەخوێنرێتـەوە، وەك: ﴿ ٱعْبُدُواْ ﴾، ﴿ ٱنظُرُواْ ﴾. خـۆ ئەگـەر پیتی سـێیەم فەتحەدار یا کـەسرەدار بـوو ئـەوا هەمزەکـەش بە کەسرەداری دەخوێنرێتـەوە، وەك: ﴿ ٱعْلَمُوٓاْ ﴾، ﴿ ٱنتَهُواْ ﴾. ئەگـەر پیتی سـێیەم ضەممەیەکـی نابنەڕەتـی لەسـەر بـوو ئـەوا هەمزەکـە بـە کـەسرەداری دەخوێنرێتـەوە، وەك: ﴿ ٱبْنُواْ ﴾، ﴿ ٱقْضُوٓاْ ﴾ چونکـە دوو وشـەکە لـە بنەڕەتـدا بەمشـێوەیە بـوون: (ابنيـوا)، (اقضيوا).

هەمزەی پچڕان (القطع): بریتییە لەو هەمزەیەی لە سـەرەتا و ناوەڕاسـتی خوێندنەوەشـدا هەر دەخوێندرێتەوە،

هەمیشە بەو شێوەیەیە بەو پێیەی خوێنەر پیتی هەمزەکە لەوپەڕی قورگەوە گۆدەکات بەهۆی قورسی و بەهێزییەوە، وەك:

﴿ إِسۡتَبۡرَقٖ ﴾، ﴿ أُجِيبَت ﴾، ﴿ أَلۡهَىٰكُمُ ﴾.

* حوکمی خوێندنەوەی هەمزەی وەصل بە هێمای ڕەنگکراوی (▼) لەم قورئانەدا نیشانەکراوە، لە نموونەکانیشی:

ٱعۡبُدُواْ ٱنظُرُواْ ٱعۡلَمُوٓاْ ٱنتَهُواْ فَٱسۡتَكۡبَرۡتُمۡ

حەوت ئەلفەکە (الألفات السبع)

• ئەو حەوت ئەلفە کامانەن کە لەکاتی وەستان (وقف)دا دەخوێنرێنەوە و، لەکاتی بەردەوامی لەسەر خوێندنەوە (وصل)دا ناخوێنرێنەوە؟

بریتین لە:

١- ئەلفی جێناوی سەربەخۆی قسەکەر لە زمانی عەرەبیدا (أنـا) لە هەموو ئەو شوێنانەی قورئاندا کە هاتووە، وەك:

﴿ وَأَنَا۠ خَيۡرُ ٱلۡمُنزِلِينَ ﴾ ئایەتی (٥٩)ی سوورەتی (یوسف)، لاپەڕە (٢٤٢).

٢- ئەلفی (لکنـــا) لە: ﴿ لَّٰكِنَّا۠ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّي ﴾ ئایەتی (٣٨)ی سوورەتی (الکهف)، لاپەڕە (٢٩٨).

٣- ئەلفی (الظنونا) لە: ﴿ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ﴾ ئایەتی (١٠)ی سوورەتی (الأحزاب)، لاپەڕە (٤١٩).

٤- ئەلفی (الرسـولا) لە: ﴿ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴾ ئایەتی (٦٦)ی سوورەتی (الأحزاب)، لاپەڕە (٤٢٧).

٥- ئەلفی (السبیلا) لە: ﴿ فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴾ ئایەتی (٦٧)ی سوورەتی (الأحزاب)، لاپەڕە (٤٢٧).

٦- ئەلفی (سلاسلا) لە: ﴿ إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَا۠ ﴾ ئایەتی (٤)ی سوورەتی (الإنسان)، لاپەڕە (٥٧٨).

٧- ئەلفی (قواریرا) لە: ﴿ كَانَتۡ قَوَارِيرَا۠ ﴾ ئایەتی (١٥)ی سوورەتی (الإنسان)، لاپەڕە (٥٧٩).

لە ﴿ سَلَٰسِلَا۠ ﴾دا دەتوانین لەسەر ئەلفەکەی پاش لامەکە بوەستین، یاخود دەتوانین لامەکە سکوندار بکەین و لەسەری بوەستین.

وەستانەکان (السکتات)

بەپێی ڕیوایەتی (حفص عن عاصم) پێویستە قورئان خوێن لە چوار شوێندا هێندەی ماوەی دوو حەرەکە بوەستێت بەڵام بێ هەناسەدان تا بتوانێت دوای ئەوە لە خوێندنەوەکەی بەردەوام بێت، ئەو چوار شوێنەش ئەمانەن:

١- ﴿ عِوَجَاۜ ١ قَيِّمٗا ﴾ الکهف: ١-٢، لاپەڕە (٢٩٣).

٢- ﴿ مِن مَّرۡقَدِنَاۜۗ هَٰذَا ﴾ یس: ٥٢، لاپەڕە (٤٤٣).

٣- ﴿ وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ ﴾ القیامە: ٢٧، لاپەڕە (٥٧٨).

٤- ﴿ كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ ﴾ المطففین: ١٤، لاپەڕە (٥٨٨).

• دوو شێوازی خوێندنەوەش بۆ هائی ﴿ مَالِيَهۡۜ ٢٨ هَلَكَ ﴾ی سوورەتی (الحاقة) دەگونجێت:

- بە ئاشکرا خوێندنەوەی پیتی هائەکە و وەستان.

- یاخود تیهەڵکێش کردنی هائەکە ﴿ مَالِيَهۡۜ ٢٨ ﴾ لەگەڵ هائی ئایەتی دوای خۆیدا ﴿ هَلَكَ ﴾.

چەند وریایی پێدانێك (تنبیهات) سەبارەت
بە هەندێك حاڵەتی تایبەت

١- لە لاپەڕە (٢٢٦)، واتە لە ئایەتی (٤١)ی سوورەتی (هود)دا ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡرٜىٰهَا ﴾ هێمای (◊) لەژێر ڕائەکەدا دانراوە، بۆ ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەدا فەتحەی ڕائەکە کەمێك مەیلەو کەسرە گۆبکرێت و، ئەلفەکەی دوایشیەوە مەیلەو (یاء)، ئەم حاڵەتەش بەم هێما سووره (◊) لەم قورئانەدا دەستنیشانکراوە، بەمشێوەیە: ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡرٜىٰهَا ﴾.

٢- لە لاپەڕە (٢٣٦)، واتە ئایەتی (١١)ی سوورەتی (یوسف)دا ﴿ لَا تَأۡمَ۬نَّا ﴾ هێمای (◊) لەسەر پیتی میمەکە دانراوە، کە ئاماژەیە بۆ حاڵەتی (الإشمام): ئەویش بریتییە لەوەی قورئان خوێن هەردوو لێوی خڕبکاتەوە وەك ئەوەی بیەوێت پیتەکە ضەممەدار بکات بەڵام بەدەنگ دەری نەبڕێت. ئەم حاڵەتەش بەم هێما ڕەنگ سوورە لەم قورئانەدا دیاری کراوە، بەمشێوەیە: ﴿ لَا تَأۡمَ۬نَّا ﴾.

٣- لە لاپەڕە (٤٨١)، واتە ئایەتی (٤٤)ی سوورەتی (فصلت)دا ﴿ ءَا۬عۡجَمِيٌّ ﴾ خاڵێکی ڕەش (•) لەسەر ئەلفی دووەم دانراوە بۆ ئاسانکردن (التسهیل)ی، ئەمەش واتە شێوازی خوێندنەوەی لە مابەینی هەمزە و ئەلفدا بێت، ئەم حاڵەتەش بە خاڵێکی سوور لەسەر ئەلفەکە لەم قورئانەدا دیاری کراوە، بەمشێوەیە: ﴿ ءَا۬عۡجَمِيٌّ ﴾.

٤-٥ لە لاپەڕە (٣٩)، واتە ئایەتی (٢٤٥)ی سوورەتی (البقرة) ﴿ وَيَبۡصُۜطُ ﴾، هەروەها لە لاپەڕە (١٥٩) واتە ئایەتی (٦٩)ی سوورەتی (الأعراف)دا و لە ﴿ بَصۜۡطَةٗ ﴾دا دەبینین پیتێکی (س) لەسەر صادەکە دانراوە، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی صادەکە بە سین دەخوێنرێتەوە، واتە (یبسط) و (بسطة).

٦- لە لاپەڕە (٥٢٥)، واتە ئایەتی (٣٧)ی سوورەتی (الطور)دا ﴿ ٱلۡمُصَۣيۡطِرُونَ ﴾ دەبینین (س)ێکی بچووك لەژێر پیتی صادەکەدا دانراوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی دەکرێت بە (س) بخوێنرێتەوە، بەڵام زیاتر وا باوە کە هەر بە (ص) بخوێنرێتەوە.

٧- لە لاپەڕە (٣٨٠)، واتە ئایەتی (٣٦)ی سوورەتی (النمل)دا ﴿ ءَاتَىٰنِۦَ ﴾ دەبینین یائێکی بچووك لەپاش نوونەکەوە کێشراوە، کە (حفص) دوو شێوەی بۆ ڕەواداوە:

- یەکەمیان: خوێندنەوەی یائەکە بە سکونداری.
- دووەمیان: وەستان لەسەر نوونەکە و نەخوێندنەوەی ئەو یائەی پاشی.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

ڕێبازی هێمای ڕەنگدار بۆ پەیڕەو کردنی حوکمەکانی تەجوید

الرمز	عربي Arabic	کوردی Kurdish	فارسي Persian
▼	المد اللازم (٦ حركات لزوماً)	مەددی لازم (٦) حەرەکە.	مد لازم ٦ حركت
▼	المد الواجب (٤-٥ حركات)	مەددی واجب (٤-٥) حەرەکە.	مد واجب ٤ يا ٥ حركت
▼	المد العارض (٢-٤-٦ حركات)	مەددی عارض (٢-٤-٦) حەرەکە.	مد اختياری ٢ يا ٤ يا ٦ حركت
▼	المد المتصل (٤-٥-٦ حركات)	مەددی موتەصیل (٤-٥-٦) حەرەکە.	مد اختياری ٤ يا ٥ يا ٦ حركت
▼	المد الملحق بالطبيعي (حركتان)	مەددە هاوشێوەکانی مەددی سروشتی (المد طبيعی): (٢) حەرەکە.	مد دو حركت
▼	لون الغنة (حركتان)	مینگە (٢) حەرەکە.	غُنّه دو حركت
▼	لون غنة الإخفاء (حركتان)	مینگەی (الإخفاء): (٢) حەرەکە.	غُنّه (غُنّه الاخفاء) دو حركت
م	لون غنة الإقلاب (حركتان)	مینگەی (الإقلاب): (٢) حەرەکە.	غُنّه (غُنّه الاقلاب) دو حركت
▼	الإدغام بغنة (حركتان)	(الإدغام)ی مینگەدار: (٢) حەرەکە.	غُنّه (غُنّه الادغام) دو حركت
▼	لون ما لا يلفظ	ئەو پیتانەی ناخوێنرێنەوە.	غير ملفوظ
▼	تفخيم لام لفظ الجلالة	قەڵەو خوێندنەوە (تفخيم)ی لامی (الله).	تفخيم حرف لام
▼	تفخيم الراء	بەقەڵەوی خوێندنەوە (تفخيم)ی پیتی (راء).	تفخيم حرف راء
▼	لون صفة القلقلة	سیفەتی (القلقلة).	قلقلة

Colour Coded Tajweed Rules

الرمز	فرنسي French	إنجليزي English	إندونيسي Indonesian
	Prolongation Necessaire de (6 Voyelles)	Necessary Prolongation (6 Vowels)	MAD PANJAGNYA 6 HARAKAT (LAZIM)
	Prolongation Obligatoire de (4-5 Voyelles)	Obligatory Prolongation (4/5 Vowels)	MAD PANJAGNYA 4/5 HARAKAT (WAJIB)
	Prolongation Permise de (2-4-6 Voyelles)	Permissible Prolongation (2/4/6 Vowels)	MAD BOLEH MEMILIH ANTARA 2/4/6 HARAKAT
	Prolongation Permise de (4-5-6 Voyelles)	Permissible Prolongation (4/5/6 Vowels)	MAD BOLEH MEMILIH ANTARA 4/5/6 HARAKAT
	Prolongation Normale de (2 Voyelles)	Normal Prolongation (2 Vowels)	MAD 2 HARAKAT
	Nazalization (Ghunnah) de 2 Voyelles	Nasalization (Ghunnah) 2 Vowels	MENDENGUNG (GHUNNAH) (DUA HARAKAT)
	Nazalization (Ghunnat Al-Ikhfaa) 2 Voyelles	Nasalization (Ghunnat Al-Ikhfaa) 2 Vowels	MENDENGUNG (GHUNNAT AL-IKHFAA) (DUA HARAKAT)
م	Nazalization (Ghunnat Al-Iqlab) 2 Voyelles	Nasalization (Ghunnat Al-Iqlab) 2 Vowels	MENDENGUNG (GHUNNAT AL-IQLAB) (DUA HARAKAT)
	Nazalization (Ghunnat Al-Edgham) 2 Voyelles	Nasalization (Ghunnat Al-Edgham) 2 Vowels	MENDENGUNG (GHUNNAT AL-EDGHAM) (DUA HARAKAT)
	Non Prononcees	Un Announced (Silent)	TIDAK DI BACA
	Emphasa de La Letter (L)	Emphatic pronunciation of Letter (L)	Lam' dibuca tebal
	Emphasa de La Letter (R)	Emphatic pronunciation of Letter (R)	Ra' dibuca tebal
	Consonnes Emphatiques	Unrest Letters (Echoing Sound)	Qalqlah